## نامەیەکی کراوە بۆ رابەران‌و هەلسوراوانی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکانی عیراق

***هاورییان!***

هەروەکو هەموو لایەکتان لە بەیان‌و نوسراوەو بەلگەنامە جۆراوجۆرەکانتاندا باسی دەکەن، کۆمەلگای عیراق بە هەل‌ومەرجیکی لە رادەبەدەر دژوارو تاریك‌و کارەساتباردا تیپەردەبیت. گومانیش لەوە نیە کە باری گەورەو قورسی ئەم وەزعە کارەساتبارە لە پیش هەمواندا بەسەر چینی کریکاردا کەتووە. گرانی‌و برسیتی کەمەر شکین، بیکاری ملیونی، کاری سەخت‌و کریی نزیك بە هیچ، لەسەروی هەموو ئەوانەشەوە کریکاران رۆژانە لە شەری تیرۆریستی‌و شەری تائیفیدا بە لیشاو دەکرین بە قوربانی.
بەداخەوە لەم کاتەدا لە جیگای ئەوەی کە ئیوە وەکو کۆمەلیك لە رابەران‌و هەلسوراوانی کریکاری، دەستی یەکبگرن بۆ رووبەروو بونەوەی ئەم وەزعە مەینەتبارەی کە یەخەی بە کریکاران گرتووە، لە کاتیکدا کە کریکارانی نەوتی بصرە لە مەیدانی نەبەرد بۆ بەرگری لە مافی کریکاران‌و جەماوەری خەلکی ستەمدیدەی عیراق لە رووبەرووبونەوەدان، لە کاتیکدا کۆمەلگا پیویستی حەیاتی بە دەورو دەخالەتی چینی کریکار هەیە بۆ ئەوەی لەم محنەتە رزگاری بکات...ئیوە بە کۆمەلیك کیشەی ناوخۆیەوە سەرقالن کە جگە لە بەهەدەربردنی تواناو تاقەی خۆتان‌و پارچە پارچە بوون‌و پەرتەوازە کردنی ریزی کریکاران، دەسکەوتیکی تری بۆ چینی کریکار نیە.
هیچ یەك لەو کیشمەکیشانەی کە لە ماوەی دوو سالی رابردوودا روویداوە بەوانەی ئیستاشەوە، پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندی چینی کریکارو ئەو بەرنامەو ئامانجانەوە نیە کە کاتی خۆی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکانی لەسەر دامەزراوە، پەیوەندی بە وەلامدانەوەی ئەو گرفت‌و نەبەردو وەزعە سەختەوە نیە کە یەخەی بە کریکاران‌و خەلکی ئەم کۆمەلگایە گرتووە، هەر بەم پیِیە پەیوەندی بە کریکارانەوە نیە. توانای خۆتان لیرە بەهەدەرمەدەن، بەرهەمی کارو هەلسورانی چەند سالەی خۆتان مەدەنە دەم ئاوەوە، ریزی خۆتان یەکپارچە راگرن‌و لە بیری ئەوەدابن کاریك بۆ چینی کریکار ئەنجامبدەن.

***هاوریان!***

من وەکو هەلسوراویکی بزووتنەوەی کریکاری‌و کۆمۆنیستی کە تا ئیستا بەدل‌و بەگیان بەرگریم لە یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان کردوەو کاریکم لە دەست هاتبیت بۆ بەهیزکردن‌و چونەپیشەوەی کردومە، بانگەوازتان دەکەم لە پیناو ئەو ئامانجانەی کە ئەم ریکخراوەی بۆ دامەزراوە، لە پیناو ئەوەی کە ریزی بزووتنەوەی کریکاری لاوازترو پارچە پارچەتر نەبیت، لە پیناو ئەوەی رابگەین بەوەی سەنگەریکی مەحکەم بۆ بەرگری لە مافی کریکاران‌و دەخالەتیکی چارەنوسساز بەرامبەر ئەم وەزعە لیبدەین، دەست لە کۆمەلیك مەسەلەو بەرژەوەندی‌و هەلویستیی چگۆلەتر هەلگرن‌و لە دەوری ئەم چەند خالەی خوارەوە دەستی یەکبگرن‌و ریزی خۆتان‌و یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان یەکپارچەو مەحکەم راگرن‌و بیکەنە چەتریك بۆ یەکگرتوو کردنی هەموو ریکخراوەکانی بەرگری لە مافی کریکاران. خۆتان هەمیشە دەلین کریکاران پیویستیان بە ریکخراوبوون‌و ئیتحادە، ئیستا کاتی ئەوەیە ئیرادە لە خۆ نیشانبدەن بۆ پیادەکردنی بە کردەوەی شیعارەکەی خۆتان. ئەگەر شانازیەکی گەورە هەبیت بۆ هەمووتان هەر لیرەدایە. بۆیە داوا دەکەم هەر ئەمرۆ لە بغداد، پیش ئەوەی کیشەکە ئالۆزتربیتەوە، دانشتنی هاوبەش بکریت‌و لەسەر ئەم ریگاچارە عەمەلیە پیکبین.

### *پیشنیارو بانگەوازی من بەم جۆرەیە:*

1/ **راگرتن‌و هەلوەشانەوەی هەموو ئەو اجرائات‌و ئیقداماتە ریکخراوەیانەی لە نیوان لایەنەکانی کیشەکانی ناو اتحاد مجالسدا لە ماوەی سەرهەلدانی خیلافاتەکانەوە تا ئیستا ئەنجامدراوە، یان ئیستا لە ئارادایە یان خەریکە ئەنجام دەدریت.**

2/ **سپاردنی رابەری اتحاد مجالس بە دەستی مەکتەبی تەنفیزی هەلبژیردراوی کۆنگرەی یەکەم (واتە هەموو ئەو ئەندامانەی کە لە ئیستادا ئامادەیی کارکردنیان ماوە لەو موقعیەتەدا)**

3/ **ئەنجامدانی کۆبونەوەی فەوری ئەم مەکتەبی تەنفیزیە و برینەوەی کیشەکان بەم جۆرە:**

- راگەیاندنی توافق و یەکیتی ریکخراوەکە لەسەر بناغەی وەلانانو داخستنی باسی هەموو ئەو کیشانەی کە روویانداوە.
- هەلبژاردنەوەی رەئیسی اتحاد مجالس یان هەلبژاردنی هەئەتیکی سی کەسی لە جیگای تا کۆنگرە.
- بریاردان لەسەر گرتنی کۆنگرەی سیەمی اتحاد مجالس لە ماوەی یەك مانگدا. هەروەها اتفاق کردن لەسەر شیوەو میکانیزمی ئامادەکاری کۆنگرەو هەلبژاردنی نوینەران.
- بانگەوازکردنو هەولدان بۆ یەکگرتوکردنەوەی هەموو ئەو بالو ریکخراوانەی کە لە اتحاد مجالس جیابونەتەوە، هەروەها بانگەوازکردن بۆ هەموو ئەو ریکخراوە کریکاریانەی کە لەسەنگەری بەرگری لە مافی کریکاراندا قەراریان گرتوە، بۆ یەکگرتن لەگەل اتحاد مجالس.
- تەرخان کردنی بودجەی مالی اتحاد مجالس بە پیوانەیەکی یەکسان بۆ هەموو لقەکانی اتحاد بەو جۆرەی کە مەکتەبی تەنفیزی بریاری لیدەدات.
- خستنەرووی راپۆرتی کاریی و چارتی تشکیلاتی و مالی لقەکانو مەرکەزیو ئامادەکردنی وەکو راپۆرتی مەکتەبی تەنفیزی بۆ کۆنگرەی سیەم.

**ریبوار احمد**

2007-6-21